# ڕەوشی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان مەترسیدارە

بۆ:ڕای گشتی
بۆ:نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق
بۆ:باڵویزخانەی ئەمریکاو ولاَتانی ئەوروپی لەعێراق
بۆ:سەرجەم ڕاگەیاندنو ڕێکراوەکانی ڕاگەیاندن

لەرۆژانی ڕابردوودا، بەهۆی نارەزایەتی خەڵکی سلێمانیەوە، دەیان پەیامنێری ڕاگەیاندنەکان پەلامار دران و زیانی ماددیی و جەستەییان پێگەیاندن و کەناڵی ئاسمانی(NRT) لەلایەن ژمارەیەك چەکداری دەمامکراو سوتێنرا.
گروپی ڕۆژنامەنوسانی بێسنوری کوردستان زۆر بەتوندی پەلامارەدانی پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سوتاندنی کەناڵی ئاسمانی(NRT) زۆر بەتوندی ئیدانە دەکات و سەلامەتی گیانیان دەخەینە ئەستۆی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان. ڕایدەگەیەنین کە وەکو گروپی ڕۆژنامەنوسانی بێسنوری کوردستان تەواوی هەوڵەکانی خۆمان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی سەرنجی ڕای گشتی نێودەوڵەتی بۆ سەر ئەم بارودۆخەی کوردستان بەتایبەتی خراپبونی ڕەوشی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان لەسایەی دەسەلاَتی دیموکراسیخوازی کوردیەوە.
جارێکیتر تەئکید لەوە دەکەینەوە کەتەقەکردن لەخۆپیشاندەران و پەلامارەدانی پەیامنێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سوتاندنی کەناڵی ئاسمانی (NRT)، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کەڕەوشی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان لەڕەوشێکی مەترسیداردایە و پێویستی بەچارەسەری بەپەلە هەیە.
گروپی ڕۆژنامەنوسانی بێسنوری کوردستان زۆر بەتوندی ڕەخنە لەباڵوێزخانەی ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوەیەکگرتووەکان دەگرێت لەبەرامبەر ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر ڕۆژنامەنوسان و هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرێت ئەوان بێدەنگیان هەڵبژاردووە. بەبڕوای ئێمە ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوەیەکگرتووەکان شەرعیەتی مرۆڤدۆستیان لەدەستداوە. کەوتونەتە ژێر کاریگەری پارتەکانی دەسەلاتدارەوەو هیچ پاساوێك بۆ بێدەنگ بوونیان قابیلی قبوڵ کردن نییە.
لەبەرئەوەی ئەوان خۆیان بەهەڵگری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەرگریکاری ڕاستەقینەی ڕاگەیاندنی ئازاد دەزانن کەچی ئەوان بێدەنگیان لەسەر هەرەشەو لێدانی ڕۆژنامەنوسان و تەسککردنەوەی ئازادی بیروڕاو مایەی سەرسوڕمانە ئەو بانگەشەیانە ئەو ولاَتانە بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ دەکەونە ژێر پرسیارێکی جددییەوە. جارێکی تر ڕایدەگەیەنین کەپێویستە هەریەکە لەباڵوێزخانەی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم بێدەنگیە بشکێنن و فشار بخەنە سەر دەسەلاَتدارانی هەرێمی کوردستان بۆ ئاشکراکردنی دۆسیەکانی پێشوتر وەکو تیرۆرکردنی (عبدالستار تاهیر شریف و سۆران مامە حەمە و سەردەشت عوسمان)و پەلامارەدانی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و سوتاندنی کەناڵێکی ئاسمانی (NRT)، چونکە بەپێی زانیاریەکانی ئێمە، لەهەرێمی کوردستان بارودۆخی ڕەوشی ڕاگەیاندن زۆر مەترسیدارە و پێویستی بەوە هەیە هەموو لایەك لەسەر ئەم بارودۆخە بێنە دەنگ.

گروپی ڕۆژنامەنوسانی بێسنوری کوردستان
٢٠١١/٢/٢٥
هەولێر

## دابان عەلی پەیوەندی بەئێمەوە نییە

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا کەسێك بەناوی(دابان عەلی)بەسوود وەرگرتن لەناونیشان و لۆگۆی گروپەکەمان چەند بەیاننامەو ڕوونکردنەوەیەکی بلاَوکردۆتەوە ئێمە وەکو گروپی ڕۆژنامەنوسانی بێسنوری کوردستان ڕایدەگەیەنین کەئێمە کەسێك ناناسین بەناوی(دابان عەلی)ەوە لەبەرئەوە داواشی لێدەکەین جارێکی تر هەڵەی لەمشێوەیە دووبارە نەکاتەوەو ئەوەی ئەم بەڕێزە باسی کردووە ئێمە زانیار ی زیاترمان هەیە لەسەر سوتاندنی کەناڵی ئاسمانی نالیا و لەداهاتوودا زانیاری زیاتر بلاَودەکەینەوە بۆ لێرەدا دەلێن کەئەم قسانە دوورن لەڕاستی و ئەگەر زانیارییەکمان هەبێت خۆمان بڵاو دەکەینەوەو پێویستیمان بە دابانەکان نییە بۆ بڵاو کردنەوەی هەواڵەکانمان.